# مزگەوتی ئەقسا بەلای موسڵمانانەوە واتای چی دەگەیەنێ؟

**نووسینی: د. علي محمد محمد الصلابي**

**وەرگێرانی: عبدالله گەرمیانی**

مزگەوتی ئەقسا دووەم مزگەوتە کە لەسەر رووی زەوییدا دروست کراوە، زۆربەی پەیامبەران تیایدا ژیاون، لەوانە ئیبراهیمی خۆشەویستی خوای گەورە(سەلامی خوای لەسەربێ)، هەروەک ئیسحاق و یەعقوب و زەکەریا و یەحیا و عیسا و داوود و سولەیمان(سەلامی خوایان لەسەربێ) و خاتوو مەریەمی داوێن پاکیش تیایدا ژیاوە، موحەممەدی کۆتا پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) شەورەویی ئەو شوێنەی پێ کراوە، زۆربەی پەیامە ئاسمانییەکان لەوێوە نێردراون، یەکەمین قیبلەی موسڵمانان بووە و بۆ ماوەی نزیکەی حەڤدە مانگ موسڵمانان رووە و مزگەوتی ئەقسا نوێژیان کردووە، کۆلۆباری گەشتی بۆ دەپێچرێتەوە و نوێژێک لەو شوێنەدا پێنجسەد جار خێری نوێژی مزگەوتەکانی تری هەیە تەنیا مزگەوتی حەرام و مزگەوتی پەیامبەر نەبێ.

## -دروستکردنی مزگەوتی ئەقسا

بارسەنگ ئەوەیە، یەکەمین کەسێک مزگەوتی ئەقسای دروست کردبێ، ئادەمی باوکی مرۆڤایەتیی بووە(سەلامی خوای لەسەربێ)،دوای چل ساڵ لەدروستکردنی بناغەی ماڵی خوا، بەفرمانی خوای گەورە دروستیکردووە، بێ ئەوەی لەپێش ئەو دوو شوێنەدا هیچ کڵێسا و هەیکەل و پەرستگایەک بوونی هەبێت. ئیبن هیشام لەکتێبەکەیدا"التيجان في ملوك حمير، جـ1/ 22، ط1، مركز الدراسات والأبحاث اليمنية 1347هـ ئەڵێ: ئادەم(سەلامی خوای لەسەربێ) دوای ئەوەی کەعبەی دروستکرد، بەفرمانی خوای گەورە رۆیشت بۆ شاری پیرۆز(البلد المقدس) و جبریل پیشانی دا چۆن بەیت ئەلمەقدیس دروست بکات، پاشان بەیت ئەلمەقدیسی دروست کرد و تیایدا خواپەرستیی کرد.

هەروەکو چۆن پرۆسەی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە بۆ مزگەوتی ماڵی خوا ئەنجام دراوە، بۆ ئەقسای پیرۆزیش ئەنجام دراوە، ئیبراهیمی گەورەمان(سەلامی خوای لەسەربێ) نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠ پ. ز ئاوەدانی کردوە، پاشان ئەرکی ئەو ماڵە لەلایەن کورانیەوە ئەنجام درا، ئیسحاق و

یەعقوب(سەلامی خوایان لەسەربێ)، هەروەک گەورەمان سولەیمان(سەلامی خوای لەسەربێ)نزیکەی ساڵی١٠٠٠پ.ز دووبارە بوونیاتی نایەوە،لەسووننەنی ئیبن ماجەدا هاتووە لەعبداللەی کوڕی عەمرەوە(خوای لێ رازیی بێ)ئەویش لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:" لَمَّا فَرَغَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ مِنْ بِنَاءِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ سَأَلَ اللَّهَ ثَلَاثًا: حُكْمًا يُصَادِفُ حُكْمَهُ، وَمُلْكًا لَا يَنْبَغِي لأَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ، وَأَلَّا يَأْتِيَ هَذَا الْمَسْجِدَ أَحَدٌ لَا يُرِيدُ إِلَّا الصَّلَاةَ فِيهِ إِلَّا خَرَجَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ" ،واتا: کاتێک سولەیمانی کوڕی داوود لەبوونیاتنانی بەیت ئەلمەقدیس بوویەوە، داوای سێ شتی کرد لەخوای گەورە: دەسەڵاتێک نزیک بەدەسەڵاتی خوا بێ، پادشاییەتییەک لەدوای خۆی کەسی تر ئەو پادشاییەی نەبێ، هەرکەسێکیش هاتە ئەو مزگەوتەوە و تەنیا نیازی ئەنجامدانی نوێژی هەبوو تیایدا، کە لەو مزگەوتە دەرچوو، تاوانی لەسەر نەمابێ و وەک ئەو رۆژە بێ کە تیایدا لەدایک بووە و تاوانی لەگەردندا نەبووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "أَمَّا اثْنَتَانِ فَقَدْ أُعْطِيَهُمَا، وَأَرْجُو أَنْ يَكُونَ قَدْ أُعْطِيَ الثَّالِثَةَ"،واتا: دوو داوا و تکای سەرەتای پێ بەخشی، ئومێد دەکەم تکا و داوای سێیەمیشی پێ بەخشیبێ.

## -مزگەوتی ئەقسا و شوێنی شەوڕەویی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)

مزگەوتی ئەقسا، شوێنی بەرزبوونەوەی پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئاسمان، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ(١)﴾ [الإسراء: 1]،واتا: پاک و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕەوی کرد بە بەندەی خۆی لە شەوێکدا لە مزگەوتی حەرامەوە (لە شاری مەککە) بۆ مزگەوتی (الاقصى) لە (بيت المقدس) کە دەور و بەریمان پیرۆز و فەڕدار کردووە بۆ ئەوەی هێندێک لە بەڵگە و نیشانە ڕوونەکانی خۆمانی نیشان بدەین بەڕاستی هەر ئەو بیسەر و بینایە.

لەو ئایەتەدا ئاماژە هەیە بۆ پەیوەندیی نێوان مزگەوتی حەرام و مزگەوتی ئەقسا، بێگومان موعجیزەی شەوڕەویی لەگەورەترین موعجیزەکانی

موحەممەدی پەیامبەرمانە(صلى الله عليه وسلم) و لەقورئان و فەرموودەدا سەلماوە، کە لەمەککەی پیرۆزەوە بۆ بەیت ئەلمەقدیس شەوڕەویی پێ کراوە و لەوێشەوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان و لەوێدا پێنج نوێژە فەرزەکەی بەسەردا فەرزکراوە، جا بەهۆی گرنگیی ئەوەی قیبلەی یەکەمی موسڵمانان بووە و شوێنی ژیانی زۆربەی پەیامبەرانی پێش موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بووە،ئەوەی بۆ کراوە گەشتی بۆ بکات تاوەکو بەڕێز و شکۆیەک لەلایەن خوای گەورەوە، زۆرێک گەورەیی بۆ کۆ بکرێتەوە(داوود وسليمان في الأسفار اليهودية، ص445).

گەشت لەمزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقسا، گەشتێکی هەڵبژێردراو بووە لەلایەن خوای گەورەوە، بیروباوەڕیی یەکتاپەرستیی پێکەوە دەبەستێتەوە لەئیبراهیم و ئیسماعیلەوە(سەلامی خوایان لەسەربێ) بۆ موحەممەدی کۆتای پەیامبەران(صلى الله عليه وسلم)، شوێنە پیرۆزەکانی تەواوی ئایینە یەکتاپەرستییەکان پێکەوە گرێ دەدات، وەک ئەوەی بیەوێ بەو گەشتە سەرسوڕهێنەرە، ئەوە رابگەیەنێ کە موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بووەتە میراتبەری پیرۆزییەکانی پەیامبەرانی پێش خۆی و پەیامەکەشی تەواوی ئەو پیرۆزییانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە(في ظلال القرآن، 2212/4).

## -ئەقسا شوێنی بەرزبوونەوەی موحەممەدە(صلى الله عليه وسلم)بۆ سیدرەت ئەلمونتەها

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی:بوڕاقم بۆ هێنراو سەرکەوتمە سەری تاوەکو گەیشتمە بەیت ئەلمەقدیس و رەشمەکەیم بەستەوە بەو ئەڵقەیەی کە پەیامبەران پێیەوە دەیبەستنەوە، پاشان چوومە مزگەوتەوە و دوو رکات نوێژم تیایدا کرد و پاشان بەرزکرامەوە بۆ ئاسمان(صحيح مسلم،رقم٢٥٩).

## -مزگەوتی ئەقسا و یەکەمینی دوو قیبلەکە

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککەدا لەنێوان روکنی ئەلئەسوەد و یەمانیدا نوێژی دەکرد، رووە و بەیت ئەلمەقدیس نوێژی دەکرد، چەند مانگێک بەو جۆرە نوێژی کرد. لەبەرائی کوڕی عازبەوە کە پەیامبەری

خوا(صـــلـى الله علـــيه وســـلم)كاتێک ســــەرەتا هــــاتە مەديــنە، دابەزيـــيە لای بــاپیرانی-يــان خــاڵوانی-لەپشــتيوانان، شــانزە مانــگ يــان حەڤدە مانــگ ڕووە و بەيـت ئەلمەقـديس نـوێژی دەکـرد، حەزی دەکـرد ڕووە و کەعـبە نـوێژ بکـات. نـوێژی عەسـری کـرد و کۆمەڵێـک لەگەڵيدا نوێژيـان کـرد، پياوێـک لەوانەی لەگەڵيــدا نــوێژی کردبــوو، بەلای خەڵکــی مزگەوتــدا تێــپەڕی کە لەڕکوعــدا بــوون و وتــی: بەخــوا شــايەتيی دەدەم کە لەگەڵ پەيــامبەری خوادا(صـــلـى الله علـيه وسلم) ڕووە و مەکـکە نـوێژم کـرد، ئەوانـيش ڕوويـان وەرگێـڕا ڕووە و مەکــکە، جــولەکە پێيــان ســەير بــوو کە پێشــتر ڕووە و بەيــت ئەلمەقــديس نـــوێژی دەکـــرد و ئێســـتا ڕووە و کەعـــبە نـــوێژ دەکـــات، ئەوەيـــان ڕەتکردەوە(صحيح البخاري، 1/96).

## -هاندان بۆ کۆڵوبار پێچانەوە بۆ سەردانيکردنی بەيت ئەلمەقديس

بوخــــاری گێـــڕاويتييەوە لەئەلزوهــــرييەوە ئەويـــش لەســــەعيدی کـــوڕی ئەلموســـەييبەوە ئەويـش لەئەبـو هورەيرەوە(خـــوای لـــێ ڕازيـــی بـــێ) ئەڵـــێ: پەيـــامبەری خوا(صـــلـى الله علـــيه وســـلم)فەرمـووی:((لا تشـد الرحـال إلا إلـى ثلاثـة مسـاجد: المسـجد الحـرام ومسـجد الرسـول ﷺ المسـجد الأقصـى (سـنن ابـن ماجـه، رقـم 1409)،واتـا: کۆڵوبـار تەنيـا بـۆ ســێ مـزگەوت دەپێچـرێتەوە، بـۆ مزگەوتـــی حەرام و مزگەوتـــی پەيـــامبەری خوا(صـــلـى الله علـــيه وســـلم) و مزگەوتی ئەقسا.

## -گەورەيی نوێژکردن لەمزگەوتی ئەقسا

پەيـــامبەری خوا(صـــلـى الله علـــيه وســـلم) فەرمـــوويەتی: ((الصــلاة فــي المســجد الحـرام بمائـة ألـف صـلاة والصـلاة فـي مسجدي بـألف صـلاة والصـلاة فـي بيت المقـــدس بخمســـمائة صــــلاة )) (داوود وســـليمان فــــي الأســـفار اليهوديـــة، ص447)،واتا:نوێژێـــک لەمزگەوتـــی حەرامـــدا خێـــری ســـەد هەزار نـــوێژی هەيە، نوێژێـــک لەمـــزگەوتەکەی منـــدا خێـــری هەزار نـــوێژی هەيە، نوێژێـــک لەمزگەوتی ئەقسادا خێری پێنجسەد نوێژی هەيە.

## -مزگەوتی ئەقسا يەکێکە لەوەقفەکانی عومەر بۆ ئوممەتی ئيسلام

لەمـــاوەی فتوحـــاتی شـــام و عێراقـــدا، فەڵەســـتين لەنێـــو ئەو ناوچـــانەدا بـــوو کە موسـڵمانەکان لەســـەردەمی ئەودا فەتحيـــان کـــرد، عـــومەر بـــۆ گـــاورانی خەڵکـــی

ئیلیاء(قودس)پەیماننــــامەی ســـەلامەتی و ئاشـــتی و لێبـــووردەیی و پـــێکەوە ژیـــانی دارشـــت، بەڕێنمـــایی موعـــاز کـــاری کـــرد و بەیـــت ئەلمەقـــدیس و فەلەســـتینی کـــردە وەقـــف بـــۆ موســـڵمانەکان و بەســـەر ســـوپاکەیدا دابەشـــی نەکرد(اقتصـــاديات الحـــرب،ص٢١٧). ئەوە بـــووە بیرۆکەیەکـــی بـــاش و حیکمەتێکـــی خـــوایی بـــوو بەعـــومەر بەخشـــرا، لەوتەی ســـەعدی کـــوڕی ئەبـــی وەقاسـدا دەردەکەوێـت کە لەدوای فەتحـی عێراقـدا وتـی:ئەگەر لەنێـوان سـوپادا دابەشـــی بـــکەی، شـــتێک نـــامێنێتەوە بـــۆ خەڵکـــی دوای ئەوان. ئەوە ئەو شـــتە بـــوو کە خەلیفەکـــانی دوای عـــومەر جەختیـــان لـــێ دەکـــردەوە و لەســـەر بەرنـــامەی ئەو ڕۆیشـــتن و دەرکـــی حیکمەتـــی عومەریـــان کـــرد لەو کـــارەدا، لەو حـــیکمەتەی کە لێهـــاتوویی عـــومەری دەردەخســـت، ئەو لێهـــاتووییەی کە خـــوای گەورە پێـــی بەخشـــیبوو، ئەوە ڕاگەیانـــدنێکی ڕوون و ڕاشـــکاوانە بـــوو کە ئەم مـــوڵکە بەدرێژایـــی ســـەردەمەکان مـــوڵکی گشـــتیی موســـڵمانانن، ئەو واتـــا وردە لەوتەی خەلـــــیفەی دادپەروەر عـــــومەری کـــــوڕی عەبـــــدولعەزیزدا دەردەکەوێ(بەڕەحـــمەت بـــێ) کە وتـــوویەتی: ئەو خـــاکە، ســـەرەتای موســـڵمانان بـــۆ کۆتـــایی موســـڵمانان وەقفیـــان کـــردووە، بـــۆ هـــیچ کەســـێک نیـــیە لەجیـــاتیی تێکرای موسڵمانان، ببێتە خاوەنی.(تاريخ دمشق،٢/٢٠٠).

## بانگەشـــەی بـــێ بنەمـــای زایـــۆنیزم لەفەڵەســـتین: درۆی زەویـــی میعـــاد و بەنـــاو هەیکەلی سولەیمان

هەنـــدێک نووســـەر و مێژوونـــووس و پیـــاوانی ئـــایینی و ئەوانەی لەســـەر زانیـــزم ئەژمێـردرێن و بـــانگەوازە درۆینەکـــان لەبـــارەی بیـــرۆکەی هەیکەلـــی ســـولەیمان و بیروباوەڕی خاکی میعادەوە، کە بە هۆیەوە خوێنی لەمڕۆدا خوێنی خەڵکان بێتـاوان بەنـــاهەق دەڕێـــژرێ، تەنیـــا کۆمەڵێـــک درۆ و قســـەی نـــاڕەوا و بـــاتڵە و زۆرێـــک لە پیاوانی ئـایینی مەسـیحی و شوێنەوارناسـان لە تـوێژینەوە چڕوپڕ و بابەتییەکانیانـدا تەنانەت خودی جوولەکانیش ئەوەیان ڕەت کردووەتەوە، بۆ نموونە،شوێنەوارناســی ئیســـرائیلی ئیســـرائیل فلنتشـــتاین کە کەســـێکی ئەکـــادیمییە لە زانکـــۆی تەلئەبیـــب و بەشـداره لەگەڵ بۆچـوونی کۆمەڵێـک تـوێژەری جـوولەکە و ڕۆژئـاوایی، بەوەی پڕۆسەکانی گەڕان لەژێر حەرەمی پیرۆز و مزگەوتی ئەقسـا و مزگەوتـی قـوبەت ئەلسەخرە، هەتا ئێستا یەک بەڵـگەی نەخستووەتەڕوو لەسـەر ڕاست و دروستیی خـاکی میعـاد و چیرۆکـی هەیـکەل. ئەوەیە کە زانـای شـوێنەوارناس لە زانکۆی تەلئەبیب پرۆفیسـۆر زائیـف هرتـزچ سـەلماندوویەتی و بەشـداری زۆرێـک کـاری گەڕانی شوێنەوارییە لەقودس و ئەریحا و نـاوچەیەکی بەرفراوانـی فەڵەسـتین، ئەوە

وەهای کردووە بەیەک ئەنجام بگات، ئەویش ئەوەیە، ئێستا کاتی ئەوەیە لە گەڕان بە دوای شتێک کە نەبووە دەست هەڵبگرین.

**-مزگەوتی ئەقسا و تائیفەی مەنسورە**

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((لا تزال طائفة من أمتي على الدين ظاهرين لعدوهم قاهرين لا يضرهم من خالفهم إلا ما أصابهم من لأواء حتى يأتي أمر الله وهم كذلك))،واتا:کۆمەڵێک لەئوممەتەکەم لەسەر ئایینی خۆیان دامەزراون بۆ شەڕکردنی دوژمنانیان و دوژمنانیان زیانیان پێ ناگەیەنن و تاوەکو فرمانی خوا دێت، بەو شێوە دەمێننەوە. وتیان: ئەی پەیامبەری خوا، ئەوانە لەچی شوێنێکن؟ فەرمووی: لەبەیت ئەلمەقدیس و دەورووبەری. لەئەبو دەردائەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:-کاتێ ئەو فیتنەیە روو دەدات-ئیمان لەشامە.

فەڵەستین خاکێکی پیرۆزە و خوای گەورە دەورووبەری پیرۆز کردووە، خاکی سەنگەر گرتن و مەحشەر و زیندووبوونەوەیە، جا لەبەر گرنگیی بەیت ئەلمەقدیس و سەنگەرگرتن تیایدا، زۆرێک لەموسڵمانان لەهاوەڵان و تابیعین و ئەوانی تریان کۆڵوباری گەشتیان بۆ پێچاوەتەوە، هەندێکیان بەنیازی فەتح بۆی هاتوون و هەندێکی تریان بەنیازی سەردانی و پیرۆزی و وەرگرتنی زانست و مەبەستەکانی تر(داوود وسليمان عليهما السلام، مي حسن، ص449).

**لەو هاوەڵانەی لەقودس نیشتەجێبوون:**

-عوبادەی کوڕی سامت(خوای لێ رازیی بێ)، بەشداری غەزاکانی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) و بەشداری فەتحی میسر بوو، لەخیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففاندا(خوای لێ رازیی بێ) لەساڵی٣٤ی کۆچی لەوێدا کۆچی دوایی کرد و وەچەی لەوێدا هەیە.

-شەدادی کوڕی ئەوسی خەزرەجی ئەنساری، هاوەڵ، عومەری فاروق کردیە والیی حیمس، بەزانایی دابەزیە فەڵەستین و لەقودس نیشتەجێبوو، لەخیلافەتی موعاویەدا لەوێدا کۆچی دوایی کرد و گۆڕەکەی لەدەرەوەی بەیت ئەلمەقدیسە لەگۆڕستانی ئەلڕەحمە و وەچەی لەقودسدا هەیە(الأعلام، الزركلي، 232/3).

– واثلەی کوڕی ئەلئەسقەع، لەشام نیشتەجێ بوو نزیک بەدیمەشق، پاشان رۆیشت بۆ بەیت ئەلمەقدیس و لەوێدا کۆچی دوایی کرد.

-یەزیدی کوڕی سەلام، خزمەتکاری عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، خەڵکی قودس بوو، لەگەڵ رەجائی کوڕی حەیوەدا کاری کرد

لەدروستکردنی مزگەوتی قوبەت ئەلسەخرە و مزگەوتی ئەقسا(الإصابة، ابن حجر، 425/1).

-عبداللەی کوڕی موحەیریز ئەلجومەحی، خواپەرست بوو لەشام و لەبەیت ئەلمەقدیس نیشتەجێبوو، لەوێشدا کۆچی دوایی کرد.

-زیادی کوڕی ئەبی سەودە، مەقدیسی، لەعوبادەی کوڕی سامت و ئەبو هورەیرەوە گێڕاوێتییەوە و یەکێکە لەمتمانەداران.

تاوەکو ئەو هاوەڵ و تابیعی و باشترینەکانی تری ئوممەتی ئیسلام لەزانایان و شەرعناسان و خواپەرستان(خوایان لێ رازیی بێ. (داوود وسلیمان علیهما السلام، ص450).

**لەکۆتاییدا ئەڵێین:** مزگەوتی ئەقسا وەقفی موسڵمانە و تاوەکو رۆژی قیامەت مافی موسڵمانانە خاوەنداریی بکەن، چونکە میراتبەری تەواوی پەیامبەران(سەلامی خوایان لەسەربێ)، هێمایەکە خوای گەورە بۆ پەیامی ئیسلام هەڵیبژاردووە، ئیسلام کۆتا پەیامی پەیامەکانی پێشووە و ئەو پەیامانە بەراست دەخاتەوە، هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی: [وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ] [المائدة:48]،واتا: ئەم قورئانەمان ناردە خوارەوە بۆتۆ بەحەق و ڕاستی و کتێبەکانی پێش خۆی بەڕاست دەزانی و پشتیوانیان لێ دەکات (پێش دەست تێخستن و گۆڕینیان لەلایەن جولەکە وگاورەکانەوە) و چاودێریانە.

موسڵمانان باوەڕیان بەتەواوی پەیامبەران و کتێبە ئاسمانییەکان هەیە، ڕێزگرتن لەو پەیامبەر و پەیامانە بەپایەیەکی ئاینەکەیان دادەنێن، لەپێشتریشن بەپارێزگاریکردن لەقودس و مزگەوتی ئەقسا، هیچ کاتێکیش ئاشتی و ئارامیی بال ناکێشێ بەبێ گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەن ماف و دەرچوونی زایۆنیزم لەقودس و فەلەستین بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون، کە پێش چەندین دەیە بەپاڵپشتیی بریتانیا و هێزە داگیرکەرەکانی رۆژئاوا لێیەوە هاتوون بۆ قودس و فەلەستین. خەباتی گەلی فەلەستین، لەشەریعەتە ئاسمانی و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا خەباتێکی رەوا و پیرۆزە، ئوممەتی ئیسلامی و عەرەب و ئازادیخوازانی جیهان پشتیوانیی گەلی فەلەستین دەکەن، ئەوەش لەبەر مافی ئایینی و مێژوویی و مرۆییان لەخاکی

فەڵەستین و پشتیوانییان دەکەن بۆ پاککردنەوەی ئەو خاکە لەو دوژمنانەی لەشوێنانی ترەوە هاتوون و کەوتوون بەسەریدا.

**سەرچاوەکان:**


1. القرآن الكريم
2. أخبار عمر وأخبار عبد الله بن عمر، تأليف علي الطنطاوي، ناجي الطنطاوي، المكتب الإسلامي، الطبعة الثامنة، 1403 هـ 1983 م.
3. الإصابة في تمييز الصحابة لأحمد بن علي بن حجر العسقلاني، تحقيق علي محمد البجاوي، دار النهضة - مصر.
4. الإعلامية في الخطاب القرآني، زهراء البرقعاوي، دار كنوز المعرفة العلمية، الطبعة الأولى، 2019م.
5. الأموال لأبي عبيد قاسم بن سلام، تحقيق: محمد خليل هراس، دار الفكر بيروت، الطبعة الثانية 1395 هـ.
6. الأنبياء الملوك داود وسليمان (عليهما السلام) وهكيل سليمان المزعوم، علي محمد الصلابي، دار ابن كثير، بيروت.
7. تاريخ دمشق، أبي القاسم علي بن عساكر، تحقيق مطاع الطرابيشي، مطبوعات مجمع اللغة العربية - دمشق.
8. صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج، تحقيق: محمد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط2، 1972م.
9. الطبقات، محمد بن سعد بن منيع الزهري، تحقيق: علي محمد عمر، مكتبة الخانجي للطباعة، القاهرة، ط1، 1421ه، 2001م.
10. عمر بن الخطاب، علي محمد الصلابي، دار ابن كثير، دمشق، ط1، 2003م.
11. في ظلال القرآن، سيد قطب، دار الشروق، القاهرة، ط17، 1412ه.
12. المسجد الأقصى، موقع قصة الإسلام، 2014/02/18م.



**تایبەت بە دەنگی ئیسلام**

www.dangiislam.org